# ROJIGEL
# رۆژی گەل ٧

حزبی رزگاری لەپێناو سەربەخۆیی و دیموکراسی و دادی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشێت. ئێمە دەمانەوێ بۆ ژیانێك بژین و داهاتوویەك بنیات بنێین کە باوەڕمان پێی هەبێت. ئێمە ئاوا بیر دەکەینەوە. ئەگەر رامان و بۆچوونت وەك ئێمەیە، فەرموو وەرە بۆ ناو رزگاری و پێشوازیت لێدەکەین.

هەفتەنامەیەکی سیاسییە حزبی رزگاریی کوردستان دەریدەکات | ئابی ٢٠٠٤ ـ خەرمانانی ٢٧٠٤ | ژمارە: ١٢٤


## بۆ ئاسوودەیی و بەختەوەری هەموان

# هەڵوەشاندنەوەی عێراقی دەستکرد باشترین چارەسەرە

## یەکێتی لاوانی لیبراڵی سوید پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات

رۆژی ٢٠٠٤/٨/١٨ یەکێتی لاوانی لیبراڵی سوید لە کۆنگرەی خۆیاندا پشتگیریان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کرد.. شایانی باسە ئەم رێکخراوە کۆنگرەی خۆیان لەشاری (کارلسکۆگە)ی سویدی بەست و جەختیان لەسەر مافە رەواکانی کورد لە بەدیهێنانی سەربەخۆیدا کردەوە.

## سەردان و چالاکیەکانی حزبی رزگاری کوردستان

### لەسەردانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

- رۆژی ٢٠٠٤/٨/١ بەمەبەستی پیرۆزباییکردن، هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری حزب بە یاوەری هەڤاڵ عومەر حەسەن و ئەندانی (م.س) و هەڤاڵ فەهمی سلێڤانەیی (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی) سەردانی بەڕێز عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەکالەتیان کرد، لە دیمانەیەکی دۆستانەدا باسی پەیوەندی حکومەت بە حزب و هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکەیان کرد.

### سەردانی یەکیتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

رۆژی (٢٠٠٤/٨/٥) هەڤال ریکار ئەحمەد سکرتیری حزب بە یاوەری هەڤال عومەر حەسەن ئەندامی مەکتەبی سیاسی، سەردانی یەکیتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن بەریزان غەفور مەخموری سکرتیری یەکیتی نەتەوەیی و بەکر شاخەوان ئەندامی (م.س) بە گەرمی پێشوازیان لێکراو لە دیمانەیەکدا باسی پەیوەندیەکانی هەردولا کراو هیوایان خواست بەرەو ئاساییو بونەوەو گەشەکردن بڕوات.

### لە پێشوازی بەڕێز سکرتێری حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان

سەرلەئێوارەی رۆژی ٢٠٠٤/٨/٣ بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری بێرون عومەر فەتاح ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکان، سەردانی بارەگای (م.س) حزبیان لە سلێمانی کردو لەلایەن سکرتێرو سەرکردایەتی و کادرانی حزب بە گەرمی پێشوازی لێکراو لە دیمانەیەکی دۆستانەدا باس لە پەیوەندیەکانی هەردولاو رەوشی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق کردو جەختیان لەسەر توندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەردولا کردەوە.

## لە عێراقی نوێدا

## ئایاد عەلاوی بەرلەوەی بکرێت بە سەرۆك وەزیران ٦ زیندانی کوشتووە!



**سەرچاوە: کوردستان پۆست**
**لە ئنگلیزیەوە: زوهرە سحر**

ئایاد عەلاوی سەرۆك وەزیری نوێی عێراق، تەنها چەند رۆژێك بەر لەوەی کە واشنتن کۆنترۆڵی عێراقی پێبسپێرێت، لە بنکەیەکی پۆلیسدا، دەمانچەکەی دەردەهێنێت و ٦کەس، کە گومانی یاخی بوونیان لێدەکرا، دەکوژێت. زۆر کەس ئەم دیمەنە ترسناکەیان بینیوە، رووداوەکەیان گێڕاوەتەوە بۆ سیدنی هێراڵد مۆرنینگ.

ئەم دوو کەسە بە پۆل مك جیۆگی پەیامنێری بڵاوکراوەی ناوبراویان وتووە کە حەوت زیندانی دەستبەندیان لە دەستدابوو، چاویان بەسترابوو، بە دیواری حەوشەی مەرکەزەکەوە ریزکرابوو. ئەم بنکەی پۆلیسە لە تەنیشت ئۆردوگای ئەمنی العماریەیە کە دەکەوێتە باشوری بەغدادەوە.

ئەو دوو کەسە وتیان: لەکاتێکدا کە عەلاوی سەیری زیندانییەکانی دەکرد وتی: هەر یەکێك لەمانە زیاتر لە ٥٠کەسی عێراقیان کوشتووەو موستەحەقی خراپترن لە مردن. هەروەها وتیان: کە عەلاوی فیشەکی نا بەسەری یەك بەیەکی ئەو گەنجانەوە کە لەوێدا زیندانی کرابوون. دوو سەربازی ئەمریکیش، کە حیمایەی عەلاوی بوون، لە بێدەنگییدا سەیری ئەم دیمەنەیان دەکردو وەزیری دەوڵەتیش (فەلاح النجیب)، کە لەوێدا بوو، وەك ئەوان سەیری دیمەنەکەی دەکردو پاش تەواوبوونی کارەکە دەستخۆشی لە عەلاوی کرد.

## رۆژەڤ

کاتێ باس لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکرێ، دەزانرێت کە عێراق وڵاتێکی یەکگرتوو نیەو پێکهاتەیەکی نەگونجاوو هەمەجۆری لەخۆیدا گرتووە. ئەو نەگونجاندنە زۆرترین کێشەو گرفتی لە منداڵدانی خۆیدا ئاخراندووەو گەورەترین دۆزەخیشی بۆ خەڵکی ناو قەوارەی عێراق وەبەرهەمهێناوە.

گەل و نەتەوەکان حەز بە ئاسوودەیی و بەختەوەری خۆیان دەکەن، ئامادەش نابن ماف و ئازادییەکانیان پێشێل بکرێت. کاتێ ماف و ئازادییەکانی نەتەوەیەك لەژێر پێبنرێت، ناچار دەبێ داکۆکی لە خۆی بکات و ئاسودەیی و بەختەوەری بەرامبەرەکەی بشێوێنێ و بۆ گێڕانەوەی مافەکانی تێبکۆشێ. پێکهاتەی عێراق لە عەرەب و کوردو ئاشوری و تورکمان و کلدانی و ئەرمەنی چێکراوە. موسڵمانی سوننەو موسڵمانی شیعەو کریستیان و یەزیدی و سوننی تیا ئاخێنراوەو عەرەب لەو نێوەدا فەرمانڕەوای و سەردەستی پێبڕاوە، فەرمانڕەوا رەگەزپەرستەکان بۆ ئاسودەیی و بەختەوەری خۆیان و نەتەوەی عەرەب، ئازادی و مافی نەتەوەکانی دیکەیان زەوتکردووە. نەتەوەکانی دیکەش بۆ بەدەستهێنانەوەی ئازادییەکانیان ئاسوودەیی و بەختەوەری ئەوانیان شێواندووە. سەردەست و بندەست، چەوسێنەرو چەوساوان لە ململانێیەکی سەختگیردا درێژەیان بە ژیان داوە. لە ئاکامدا زیان بە هەردوو لا گەیشتووەو زۆرینەی تێیدا زەرەرمەندو نائومێد دەرهاتوون و وڵاتیش ئاسایش و هێمنایەتی بەخۆیەوە نەدیوە.

بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایش و ئارامی، بۆ دروستکردنی ئاسوودەیی و بەختەوەری، دەبێ نەتەوەکان برایانە بکەونە دیالۆگ و رێگەچارەیەکی گونجاوو سەردەمانە بۆ داهاتوویەکی پرشنگدار بدۆزنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ پەیڕەوی لە دیموکراسی بکرێ و دان بە مافی بڕیاردانی گەلان دابنرێت.

لەوەتەی عێراق بەو سنوورەی ئێستایەوە دروستکراوە، ئاشتی و ئارامی و ئاسایش و پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەبینیوە، بە دووریش دەزانرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا، ئاسایشێك کە هەرگیز بوونی نەبووە لە عێراقدا بێتەکایەوە. ناشکرێ رۆژانە شاهیدی کوشتوبڕو نائارامی و پەشێوی زیاتر بین. ناشکرێ نەتەوەکان بە دروشمی بریقەداری برایانەی درۆیینە، لە چاوەنواڕی گۆدۆدا بمێننەوە. ئەگەر حزب و لایەنە خەمخۆرەکانی نەتەوەو چینەکان بە سنگی فراوان و بە گیانێکی بەرزی هەست بە لێپرسینەوەو بەرپرسیارێتی بۆ بەختەوەری و ئاسودەیی خەڵك تێبکۆشن، ئەبێ دان بەڕاستی دابنێن و بڕیار لە هەڵوەشاندنەوەی عێراق بدەن. ئایا پیرۆزی و سەروەری لە پانتایی خاك و دەستەڵاتی فراواندایە یان لە ئاسودەیی و بەختەوەری خەڵك؟! ئایا پێداگرتن لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق لەبەرژەوەندی نەتەوە لە یەکدوراوەکاندایە، یان لە قازانجی وڵاتانی بەرژەوەند خوازو فەرمانڕەوایانی ملهوڕ؟!

ئایا پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق بەهێزی ئاگرو ئاسن بۆ پیرۆزی و سەروەری نەتەوەکانی عێراقە، یان بۆ خواستی ناوەندە بەرژەوەندخوازەکانی جیهان درێژەی پێدەدرێت؟!

یەکپارچەیی خاکی عێراقی دەستکرد، هەڕەشە لە سەروەری و خواستی رەوای نەتەوەکان دەکات، دەبێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی عێراق تێبکۆشین. بە هەڵوەشاندنەوەی عێراق، دوو وڵاتی سەربەخۆو بەختەوەر دروست دەبێ و بەرژەوەندی هەردوولاشیان دەپارێزرێ و پێوەندی دۆستانەو دراوسێیەتی باش دێتە ئاراوە.

## مەروان ئۆسمان بۆ ساتێك میوانی هانۆڤەرە

بەرپرسی نووسینگەی کلتووری شاری (هانۆڤەر) (ئاینز بایزەر) بە ماڵپەڕی عامودێی راگەیاندووە کە هۆزانڤان و سیاسەتوان، مەروان عوسمان وەك بورسەی هانۆڤەر هەڵبژێردراوە. ئەوەی شیاوی باسە پێشتر نووسەرێکی بەلەروسیاو کوبا ئەو رێزەیان لێنرابون هەریەکەیان بۆ ماوەی ساڵێك میوانداری کرابوون.


مەروان عوسمان هۆزانڤان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی یەکێتی کورد لە سوریا، ٢٠٠٢/١٢/١٥ لە شام هاتبووە زیندانی کردن و ٢٢ی شوباتی ئەمساڵ لەژێر گوشاری پێنوسی نێونەتەوەیی و بە بڕیاری سەرکۆماری سوریا ئازادکرا. هەروەها ماوەی دوو مانگ زیاترە بانگهێشتنی کۆمیتەی دیالۆگی بەرەو دیموکراسی چۆتە ئەورووپاو لەوێ چەندین کۆڕو سیمیناری لەسەر رەوشی کورد پێشکەش کردووە.

مەروان عوسمان لە ٢٠٠٤/٩/١ تا ٢٠٠٥/٩/١ وەك میوان لە هانۆڤەر دەژی شوێنی تایبەتی ژیانی بۆ ماوەی ساڵێك بە خۆڕایی پێدەدرێ و مانگانەش ٨٠٠ یۆرۆ بۆ خواردن وەردەگرێت، هەروەها ئەگەر بیەوێ دەتوانێ کۆرسی زمانی ئەڵمانی بەخۆڕایی بخوێنێت.

بۆرسەی (هانا ئارێندت) بۆ یەکەمین جار لەساڵی ٢٠٠٠ دامەزرا. ئارمانج ئەوەیە ساڵانە هاوکاری نووسەرێکی ژێر هەڕەشە بکات و مافی ژیان و میوانداری لە هانۆڤەر پێبدرێت و سەربەستانە بتوانێ درێژە بە کارو چالاکیەکانی خۆی بدات.

هانا ئارێندت رۆژنامەنووس و بلیمەتێکی ئەڵمانیا بوو. ساڵی ١٩٠٦ لە هانۆڤەر لەدایك بووە ساڵی ١٩٣٣ بۆ فەڕەنسا رایکردووەو ساڵی ١٩٤١ چۆتە ئەمریکاو ساڵی ١٩٧٥ ماڵئاوایی لە ژیان کردووە شارەوانی شاری هانۆڤەر بۆ رێزلێنان لە هانا ئارێندت ساڵی ٢٠٠٠ بڕیاری دا کە بورسەیەك بۆنەو نووسەرانە تەرخان بکات کە هەڕەشەی مەرگیان لەسەرە بۆ ماوەی ساڵێ میوانداریان بکات.

## کانی یەڵمازو ١٠ هەڤاڵی دیکەی وازیان لە کۆنگرەی گەل هێنا



**رزگاری.. کوردیش میدیا:**

رۆژی ٢٩ی تەمموزی رابردوو، داخۆیانێك بە زمانی تورکی لەلایەن ١١ ئەندامی کۆنسەی سەرکردایەتی کۆنگرەی گەل بۆ رای گشتی کوردستان بڵاوکراوەتەوەو رایانگەیاندووە کە ئەوان دەستیان لە کۆنگرەی گەل کێشاوەتەوە. کانی یەڵماز بەرپرسی پێشووی رێکخستنەکانی پەکەکە لە ئەوروپا بە ماڵپەری کوردیش میدیای راگەیاندووە کە ئەوان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە ئیتر ناتوانن لە ناو کۆنگرەی گەل درێژە بە خەبات بدەن. داخۆیانەکە ناوی هەریەکە لە (کانی یەڵماز، دۆغان شەرنەخ، ساری ئۆسمان، جەلا شەرنەخ، بێریڤان سۆران، سەیدی ئۆجەلان، سامەت ئەکتاش، ئەشرەف مەعروفی، سالح قوباد، جاهید شرنەخ و ئەحمەد نتەلك)ی لەسەرە. سەبارەت بە دەستکێشانەوەیان یەڵماز گوتویەتی (جگە لە وازهێنان لە کۆنگرەی گەل و خۆ ئاشکراکردن هیچ دەرفەتێکی دیکەمان بۆ نەمابۆوە. ئێمە ئامانجمان خەبات کردنە بۆ ئازادی و دیموکراسی، نامانەوێ چیتر بە دزییەوە کار بکەین). یەکێکی دیکە لەوانەی کە وازی هێناوە گوتویەتی (دەبێ بۆ چارەسەرێکی دیموکراسیانەو ئاشتیانە تێبکۆشین، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ پێوەندیکان لەگەڵ جیهانی دیموکراسی ئەمریکاو رۆژئاوادا خۆش بکەین.

هەندێ لە چاودێران پێیانوایە کە گرفت و کێشەکانی نیوەخۆی کۆنگرەی گەل گەورەو قوڵن و کاریگەری خراپ لەسەر بزاڤی رزگاریخوازی باکور دادەنێ. کەچی هەندێکی دیکە پێیانوایە ئەمە بەپێچەوانە دەبینن و پێیانوایە هیچ گرفت و کێشەیەکی ناوەخۆ لە ئارادا نییەو ئەمە تاکتیکێکی ئاشکراو رۆڵ دابەشکردنەو بە ئاگاییەوە پەیڕەو دەکرێت.

## بەرەو ساڵیادی راگەیاندنی رزگاری

**٢٠٠٤/٨/١٥ یازدەهەمین ساڵیادی راگەیاندنی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانە، بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە خۆمان و ئەندامانی حزبی رزگاری و چینی چەوساوەی گەلەکەمان و تێکڕای خەڵکی کوردستان دەکەین.**

**راگەیاندنی رزگاری نوختە گۆڕانێکی ئەوێنی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بوو. رۆژی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو بانگی سەربەخۆیی بوو. بۆیە هەموو ساڵێك لە ١٥ی ئابدا بەشکۆوە ساڵیادی راگەیانی رزگاری دەکرێتەوە.. رۆژێك رێچکەیەکی پڕشنگداری خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی لێوە بەرهەم هات. هەڵوێستێك، مێژوویەکی پڕ شانازی و لەخۆبردوانەی نووسینەوە. پەیامێك بۆ (سەربەخۆیی و دیموکراسی و دادی کۆمەڵایەتی)، مژدەی بەرخۆدان و خۆڕاگری بە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان بەخشی و ئالای سێ رەنگی کوردستانی بە بەرزی راگرت.**

**بەرزو پیرۆز بێت ١٥ئاب.**

**شکۆدار بێت ساڵیادی راگەیاندنی رزگاری.**

**سەرکەوێ خەبات لەپێناو کوردستانێکی سەربەخۆو گەلێکی بەختیار**